گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (153) یەکشەممە 2006/7/23

## جێمس وولسی : دەبێ لە نووسینگەی ئەلئەسەد بدرێ

جێمس وولسی بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵچنی – سیخوڕی –ئەمریکا لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێ بەزووترین کات هێزەکانی ئەمریکا فڕگەکانی سوریاو نووسینگەی سەرکۆماری ئەو وڵاتە بۆردومان بکەن.

ناوبراو لەو دیمانەیەدا دەڵێ: شەڕی حزبوڵڵاو ئیسرائیل نیە، بەڵکو ئاکامی کێشەی نێوان ئەمریکاو ئێرانە. ئێران بەرپرسی سەرەکی حزبوڵڵاو حەماسو سوریایە، بەڵام ئیسرائیل لەو نێوەندەدا رێگرە.

جێمس وولسی، کۆماری ئیسلامی ئێران بەهاوکاریکردنی کۆریای باکوورو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی باشووری عێراق بەهۆی هێزەکانی گرێدراوی خۆیەوە تۆمەتبار دەکات. ئێران بەمەترسیو هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لێکدەداتەوەو داوا دەکات بۆ ئەوەی ئێران لاواز بکرێو مەترسیەکە کەمبکرێتەوە دەبێ لەهەنگاوی یەکەمدا لەسوریا بدرێ.

# کوردە بەعسیەکان لەجیاتی سزا بدرێن، داڵدەدرێنو رێزیان لێدەگیرێ

بەگوێرەی راگەیاندنەکانی ناوەندی (چاك) ئێستا دەیان کوردی کۆنەبەعسی لەکوردستاندا لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە داڵدەدراونو دەپارێزرێن.

بەگوێرەی زانیاریەکانی ناوەندی چاك ئێستا تەها محێدین مەعروف لەشارۆچکەی دوکان داڵدەدراوەو شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین کراوەو دەپارێزرێ، بەڵام لەبەر ناڕەزایی خەڵك ناوەکەیان بۆ (ئەبو عومەر) گۆڕیوە. لەلایەکی دیکەشەوە موکەڕەم تاڵەبانی کەتا دوایین رۆژەکانی رژێمی بەعس لەگەڵ ئەو رژێمەدابوو، بەر لەرووخانی رژێمی سەدام چەندین جار بەمەبەستی دانوستاندن رەوانەی کوردستان دەکراوەو زۆر شێلگیرانە داوای لەدەستەڵاتدارانی کوردستانو لایەنە سیاسیەکان دەکرد کە دانوستاندن لەگەڵ رژێمی بەعس بکەن، ئەو پێیوابوو تەنیا سەدام حوسێن دەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئێستا وێڕای ئەوەی لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە دەپارێزرێو بەپلەی وەزیر خانەنشین کراوەو مووچەی خانەنشینی وەردەگرێ، داوا دەکات کە 400 مەتر زەوی لەباشترین شوێن لەناو شاری سلێمانی پێ بدرێت.

ئەوەی شیاوی باسە دوای راپەڕینی 1991و رامالینی هێزەکانی رژێمی بەعس لەبەشێکی باشووری کوردستان، بەسەدان تاوانبارو کۆنەبەعسیو موستەشار بووردرانو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرا، تەنانەت هەندێك لەوان پلەوپایەشیان پێدرایەوە، هەروەها دوای رووخاندنی رژێمی سەدام هەزاران کۆنەبەعسیو ئەنفالچیو تاوانبار گەڕانەوە کوردستانو لەلایەن هێزە دەستەڵاتدارەکانەوە داڵدەدران، یان رێگەی دەربازبوونو چوونە هەندەرانیان بۆ ئاوەڵا کرا.

## بنلادن لە پاکستان دەژی



هەواڵەکانی ناوەخۆی پاکستان بڵاویان کردەوە کە ئوسامە بن لادن سەرۆکی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەگەڵ ئەیمەن زەواهیریو مەلا عومەری سەرۆکی تالیبانی ئەفگانستان لەباکووری پاکستانو لەناوچەیەکی هۆزەکاندا بینراون، ئەمەش حکومەتی پاکستانی بەجولەخستووە تا تەواوی گەشتیارانی بیانی لەو ناوچەیە دوور بخاتەوە.

سەرچاوەکان دووپات دەکەنەوە کە هێزەکانی سوپای پاکستان بەهاوکاری یەکەکانی سەربازیو هەواڵچنی ئەمریکا گەمارۆی ناوچەکەیان داوەو بەدوای هەواڵو زانیاری وردتر دەگەڕێن. ئەگەر ئەو هەواڵە راست بێو سەرکردەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەپاکستاندا بژین، لەوانەیە حکومەتی پاکستان دووچاری رەخنەو گلەیی ئەمریکاو هاوپەیمانانی ببێتەوە.

شیاوی باسە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بەناوی شەڕی تیرۆرەوە هەوڵی خۆیان بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە چڕ کردۆتەوەو، بەڵام 5 ساڵ زیاترە بەمەرامی خۆیان نەگەیشتوونو هەوڵەکانیان ناکام ماوەتەوە.

## پیتەر گالبرەیت:
# ئەمڕۆ سەرخۆبوونی کوردستان لەبارە



پیتەر گالبرەیت نووسەرو سیاسەتمەداری ناسراوی ئەمریکا لەوتارێکدا کە لەرۆژنامەی تایمزی ئینگلیزیدا سەبارەت بەباشووری کوردستان نووسیویەتی، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەمڕۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەبارە

نووسەر نووسیویەتی: ئەگەر جاران تورکیا بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ ئاستەنگی هەرەگەورەبوو، ئەوا ئەمڕۆ سیاسەتمەدارانی تورکیا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەدراوسێی ئەواندا لەدراوسێیەکی مەزهەبی باشترە.

نووسەر دووپاتی کردۆتەوە کە هەوڵەکانی ئەمریکا ناکام ماونەتەوە، رزگاربوونی عێراقیش لەپارچەبوونیەوە سەرچاوەدەگرێ، دەبێ ئەمریکاش بگاتە ئەو باوەڕەی کە جیابوونەوەیەکی بێ خوێنڕشتن باشترین چارەسەرە بۆ داهاتووی گەلانی عێراق.

ئەوەی شیاوی باسە ناوبراو دەنووسێ کە بۆخۆی لەگەڵ سەرۆکەکانی عەرەب وتووێژی کردووەو ئەوان لەدژی کوردستانێکی سەربەخۆدا نین.

لەدویماهیدا نووسیویەتی: ئەگەر لەداهاتوودا ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەعێراق بکێشێتەوەو بیەوێش هێزەکانی لەناوچەکەدا بهێڵێتەوە، کوردستان باشترینو رەواترین جێگەیە.

## قەسابێکی کورد
# بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبل دەپاڵێورێ



ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا سەرۆکی ژووری قەسابەکانی شاری دیاربەکری بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل پێشنیارکردووە.

سەعید شانلی کە کوردێکی شاری دیاربەکرەو سەرۆکی ژووری قەسابەکانی ئەو شارەیە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 419 کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەرکردووەو لەجیاتی دادگە ناوبژیوانی لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا کردووەو ئاشتی کردوونەتەوە، بەو هۆیەوە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا کە بە(ئای ئێف پی) ناسراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل 2007 بەربژار کراوە.

لەهەرێمی دیاربەکردا کێشەی رەدوکەوتنو ژن هەڵگرتنو پیاوکوشتنو خوێنداریو کێشەکانی دیکەی بنەماڵەییو هۆزایەتی لەئاستێکی بەربڵاودا بەرچاو دەکەون، سەعید شانلی بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کیشانە رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، لایەنە ناکۆکەکانی لەیەکتر نزیك کردۆتەوەو ئاشتی کردوونەتەوەو هاوکاری کردوون. بەمەش ناوبانگێکی گەورەی بۆخۆیو بنەماڵەکەی پەیدا کردووە. لەو رێگەیەشەوە سەرنجی بەڕێوەبەرانی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسای بۆ لای خۆی راکێشاوەو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل 2007 بەربژاریان کردووە.

ئەوەی شیاوی باسە لەساڵانی رابردوودا چەندین کوردی رۆژنامەنووس، نووسەرو سیاسەتمەدار لەلایەن هەندێ ناوەندەوە بەربژارکرابوون، بەڵام لەپاڵاوتن کەوتبوونو شانسی ئەوەیان پێنەبڕابوو خەڵاتەکە ببەنەوە، جێگەی سەرنجە ئەمە یەکەمین جارە قەسابێك بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل بەربژار بکرێ.

## رۆژەڤ

جاران دەگوترا حکومەت ساوایەو توانای وەڵامدانەوەی ئەو هەموو پرسیارو رەخنەو گلەییانەی نیە. دواتر بەهۆی شەڕی نێوەخۆو دوو ئیدارەییەوە حکومەتو دامودەزگاکانی خۆیان لەپرسیاری خەڵكو دەزگاکانی راگەیاندن دەبواردو وەڵامیان نەدەدانەوە، خۆشبەختانە ئێستا یەك حکومەتی هەرێممان هەیەو ئەویش وتەبێژی فەرمی بۆخۆی داناوە، بەڵام دیسانەوە وەڵامی رەخنەو گلەییو پرسیارەکان نادرێتەوە.

رۆژانە دەیان پرسیار لەرۆژنامەو هۆیەکانی دیکەی راگەیاندنەوە دەوروژێندرێن، سەدان کەس گلەییو داخوازیەکانی خۆیان دەخەنەروو، چەندین رۆژنامەنووسو رۆشنبیر رەخنە لەحکومەتو دامودەزگاکانی دەگرن، حکومەتیش ئاوڕیان لێناداتەوە. وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان، بەتەنگەوە نەهاتنی داخوازیەکانی خەڵكو هەڵوێستەنەکردن لەبەرانبەر رەخنەکان راشکاوانە پێمان دەڵێن: یان حکومەت هیچ بایەخ بەرامانو داخوازی دیتران نادات، یان هەموویان راستنو توانای وەڵامدانەوەی نیە.

جاران بەهۆی ئەو باجە زۆرەی کە لەسەر تەواوی کەلو پەلەکان دانرابوون، لەهەموو رێگەوبانێك بنکەی گومرگ قوت کرابوونەوە، باجی زەویو خانووبەرەو رسوماتەکانی دەوڵەتی زۆر کرابوونو مامەڵەی وڵاتیان لەبەڕێوەبەرایەتیەکان بەپارە دەڕوێندران، خەڵکی بەحکومەتی هەربێنە ناویان دەهێنا، ئێستا رەوشەکە گۆڕانی بەسەر داهاتووە. بەرپرسەکان زۆربەیان ڤێللاو کۆمپانیاو سەرمایەیان هەیە، گومرگو باجەکان کەم کراونەتەوەو باری بژێوی خەڵکیش لەرووی ئابووریەوە بەرەو باشتر رۆیشتووە، بەڵام جەماوەرو رێکخراوەکان گلەیی لەگەندەڵچیەکان دەکەنو خوازیارن کە هەرچی زووترە پرۆسەی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێتەوە، کەچی حکومەت خۆی نەبان دەکات، ئەگەر لەهەر شوێنێکی دیکەی جیهان ئەو هەموو گلەییو رەخنەیە رووبەرووی حکومەت یان کابینەیەك بکرێتەوە یان حکومەت دەستوبرد لەوەڵامدانەوەیاندا دەکاتو هەنگاوی کردەیی هەڵدەگرێتەوە یان دەست لەکار دەکێشێتەوەو خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام وا دیارە لەکوردستانی ئازاد بەشێوازی دیکە فەرمانڕەوایەتی دەکرێ. دەستەڵات بایەخ بەقسەی جەماوەرو رۆژنامەوان نادات و لێیان ناپرسێتەوە، ئەویش بەخشکەییو بەبێ زمانی کارەکانی خۆی درێژە پێدەدات. بەکورتی دەستەڵات راستە رێی خۆی گرتووەو سەیری ئەمدیوو و ئەودیووی خۆی ناکات، گوێ بۆ قسەی دەرەوەی خۆی شل ناکات. لەوەڵام نەدانەوەدا بە بەرانبەر دەڵێ: من کاری خۆم دەکەمو تۆش گلەییو رەخنەکانی خۆت بگرە.

